# ئاواییەکەم ویران کراو تاقانەکەم و هەڤالانم ئەنفال کران

ئەحمەد دەشتی

گوندەکەمان تا بلێی ڕەنگین و دلگیرو خنجیلانە بوو،زەوی و ڕەزو  پاوان و مێرگ و زەنوێر و باغەنەخشینەکانی هەتا بلێی بە  پێت و فەرە،ئێمەی کورد ساڵەهای سال بوو لە و ئاواییەدا ژیانمان دەبردە سەر و هەموومان لە گەل یەکتر تەباو دۆست و دلسۆزی یەکـتری بووین، نەزیکەی سەد ماڵێک دەبووین زۆر بە شادی و خۆش و برایەتی ژیانمان دەبردە سەر و لە ناو ماڵ و حالی خۆمان سەربەرزانەو کوردانەو ساڵەها بوو ئازاددانەش دەژیاین،دیمەنە جوان و ڕەنگینەکان،شاخە گەردن گەش و بڵندەکان،پەلە هەوری بەفرینی قەد پاڵ و دۆندە بەرزەکان،ڕوباری ئاوی قەلبەز و کەللەتەزێن، کانیاوی سارد و ئاوی شیرینی گوندەکەمان،دار چنارو دار گوێز و کۆزە ئەسپیندارەکان،مێرگ و زەنوێرو شەنگە بی شلک و جوانی سەر کانیاوو دەو ڕوبارەکان،دۆل و ڕەوەز و کۆسارە نەخشینەکان،جەنگەلە سەر سەوز ولێرەوارەکان، دارە گوێژ و کرۆسک و  دارەبەن  ودارمازووەکان،دار  بەڕوو  و  بناوو  دیمەنی ئەوبەری لوتکە چڕەکان،هەیوانی بەر مزگەوت و کالی گۆڕە جۆو هۆهۆی شوان و شەنگە بێری و دەنگی پڕ لە خۆشەویستی پاڵەو شوان و وەرزێران،کۆڕی مەڕ دۆشین و نازی شەنگە بێریان و بەزمی لاوانی کوڕ و کچ و کەوشی بەهاران،ئاوازی لاوک و حەیران و بەستەو دەنگی ڕاوچیان، ئارێ بابەی فەقێان وکۆڕی زبارەی تووتن پێوە کردن و هەرەوەزی دروێنەو یاری کوچەو کۆلانانی ناو ئاوایی زارۆکان،مەیل مەیلانێ و نکتەو پەیقی شادو خۆشی لاوو پیران،توانجی کیژ و کوڕانی دلدارو شۆخ و شەنگ،دامەو شەترەنج و تاولەو کلاو مستانێ و شەوانی درێژی وەرزی زستانی دیوەخانان،گەرە لاوژەی  شەوانی زستانانی ساردو سڕی پڕ لە بەفرو بوران نە چاو لێیان تێر دەبوو،نە دل لێیان وەڕس دەبوو،ئای کە گوندەکەمان خۆش و دلگیرو تەژی شادی بوو،ساڵەهای سال بوو باوو باپیرانیشمان هەر لەو گوندەدا بە شێوەیە ژیا بوون،ئێمەش لەو ئاواییەدا ژیانێکی سەربەرزانەو کوردانەمان دەبردە سەرو لە ژێر سایەی شۆڕشی مەزنی ئەیلول دا ئازادو ڕەهاو بەسەربەستانە ژیانمان دەبردە سەر،هەرچەند هێرش و پەلاماری فڕۆکەکانی دوژمنانمان شەو و ڕۆژ پەلاماری ناوچە ئازاد کراوەکانیان دەداو گەلێ جارانیش زیانی بە خەلکی ئاوایی و مەزرا و کشت و کالی

www.kurdistannet.org

وەرزێران دەدابەلام هیچ باکێکمان لە و پەلامارو هێرشانەی دوژمنانەوە نەبوو،لە سایەی سۆرشی خۆمانەوە هەمیشە ورە بەرزو گەش بین بووین.

منیش کە وەرزێرێک بووم و لەو گوندە دا لە دایک بووم و هەر لەو ئاواییەدا باوک و باپیرانیشم وەدونیا هاتوون و زێدی هەمیشەو دلگیری خۆمان بوو،چەند سەر ئاژەل و ولساتێکم هەبوو کە بریتی بوون لە جووتە هێسترێک و سێ مانگاو سی سەر مەڕ و چەند سەربزنێک و کەرەشین و سەگێک بە پێی توانای خۆم هەموو سالێک چەند قەزناغێکم گەنم و جۆم دەچاند و لە خوارووی ئاواییش دا یەک دوو پارچە زەویم هەبوون کە دەمکردنە بە تووتن و بژیوی مالْ و مندالانی خۆم زۆر سەربەرزانەدابین دەکردو بژیوی سالانەمانەی خۆمان بە دەست دەهێناو گەلێ شادو خەندان دەژیاین و هیچ گیرو گرفتێکمان نەبوو،هەموسالێک من و شێرکۆی تاقانەمان خەریکی کاسبی دەبووین و لە سایەی هەول و تێکۆشانی خۆمان و ئەو هەموو ڕەنج و کوێرەوەریانەی کە دەمان کێشا ژیانێکی مام ناوەنجیمان دەبردە سەر و پێی ڕازی بووین و چاومان لە دەستی هیچ کەسێکەوە نەبوو بۆخۆمان خاوەنی هەموو شتێک بووین و گوندەکەمان وەک بە هەشت وابوو بە تایبەتی لەو سالانەوە کە لە سایەی پێشمەرگەو شۆڕشەوە تەواوی دەڤەرەکەمان و گوندەکەمان ئازادو ڕزگارو سەربەخۆ بوو بوو و دوور بوو لە ژێر دەستی زولم و زۆرداری ڕژێمی دڕندەی ئێراقەوە ئەو ڕژێمەی کە کوردیان بە تێکڕایی دەکوشت و بە سەدان هەزاریان لێ ون و وێل کردووین و ئەوەی کە ئەو دڕندانە بە سەر گەلی کوردیان هێناوە پێم وایە لە مێژووی مرۆڤایەتی زۆر بە دەگمەن ڕوداوی ئاوا سامناک و پڕ لە جنایەت پەیدا دەبێتن.

www.kurdistannet.org

شێرکۆی کوڕە تاقانەکەمان تازە پێ دەگەیی و خەتی سمێلی دابوو،ئەو هەڕەتی لاویەتی بوو،تا بلێی کوڕێکی ژیرو وریا بوو،گەلێکمان خۆش دەویست و هەمیشە لە بەر چاوانمانەوە بووو زۆری لێ ڕازی بووین چونکە بەڕاستی هۆشمەند و گوێڕایەلی تەواوی قسەکانی ئێمە بوو،هیچ کارێکی بەبێ دلی من و دایکی و خزمانی نەدەکرد،ئەویش ئێمەی زۆر خۆش دەویست و هەرگیز دلی نەدەشکاندین،لاوێکی کاسب و زۆر بە تواناودلسۆز و ئازا بوو،ئەو هەمیشە شایی بە خۆیەوە دەهات و هەستی بە بە لێپرسراویەتی ژیان دەکرد بەرامبەر بە کارو کردەوەکانی خۆی و ژیان و گوزەرانمان،هەر لەو کاتەوە شێرکۆ پێ

گەیی بوو ئەو هەستی بە لێپرسینەوە دەکردو بەتەمای ئەوە بووین کە ژنی بۆ بگوازینەوە و لە گەل دۆست و یاران و خزم و کەسان چەند شەوو چەند ڕۆژێک ئاهەنگی شادی و زەماوەند لە گوندەکەمان بۆ کاکە شێرکۆبگێڕین،شێرکۆ لە لای تەواوی  خزم و کەسانیش جێگەی ڕێز و خۆشەوەیستی بوو،تەواوی خەلکی ئاوایش سوێندیان بەسەری شێرکۆ دەخواردو خۆشیان دەویست،من و دایکی شێرکۆ زۆر بە ئاواتەوە بووین کە نەمرین و ببینین ئەوا شێرکۆی تاقانەمان بوەتە خاوەن خێـــــــزان و ماڵ و منداڵ،دایکی شێرکۆ هەمیشە دەیگوت خۆزیای دەخواست دەیگوت:ئای نەمردبامایەو ماڵ و منداڵانی شێرکۆم بدیبایە .

ئەو ساڵە بەهاربوو،چیاو کەژو دەشت و لوتکە بەرزەکانی کوردستان بەتەواوی ڕەنگی سەوزی بەهاری خۆیان لە بەر کردبوو،سروشت ئەوەندە جوان بووبوو کە کوردستان بۆخۆی ببوە بەهەشتێکی بێ وێنەو هەتا باسی جوانی و ڕازاوەیی و دلگیری  بکەین هەر کەمەو نایەتە باس کردن و پێ دا هەلگوتن،تا چاوت هەتەری دەکرد و دەتوڕوانی جوانی و ڕازاوەیی کوردستانت لە بەر چاوانەوەبوو،هێشتان گەلێ لەزامەکانمان و برینی کۆن و دیرینەی کارەساتە مەزنەکەی 1975 کە بە هاوکاری ڕژیمی بۆگەنی جەزایرو شای ئێران و کڕنوش بردنی ڕژێمی بەعسی بۆ ڕژێمی شای ئێران بۆ توانەوەی گەلی کورد و مۆر کردنی ئەو پەیمانە شومەی پڕ لە شەرم و شورەیی ئەلجەزایر بۆ لێدانی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد و کوردستان و نەهێشتنی شۆڕشی ئەیلولی مەزن،قەتماغە ئەستورەکانی سارێژ نەبوبوونەوە،ئەو دەمانە بوو کە ڕژێمی عەفلەقیەکان بڕیاری چۆل کردن و نەهێشتنی تەواوی گوندەکانی سەر سنوورەکانی تورکیاو ئێرانیان دابوو،ئەوان واتە داگیرکەران هەمیشە قەلایەکی پڕ لە ترس و زەندەقچویان لە ناو هەست و دەروون دا دروست بووبوو،دیسان لەوە دەترسانەوە کە شۆڕشێکی تازەو نووێ هەلبگیرسێتەوە،هەر بۆیەکە بڕیاریان دابوو کە هەرچی ئاوایی و ئاوەدانی کوردە دەبێ خاپوور بکرێتن و خەلکی تەواوی گوندەکان ببـــەنە ئۆردوگایە زۆرە ملێکان و جوتیار و وەرزێرانی ئەو گوندانە هەموو لە هەمووی ئاوارەو بێ دەرەتان بکرێن و هەرچی هەیە بیخەنە ژێر چەپۆکی دڕندەو گلاویان و تا دەستیان بەسەر دا بگیرێت و چی کە بیانەوێ لە گەلیان دا بیکەن وجێگەی باوک و باپیرانمان پێ چۆل بکەن

www.kurdistannet.org

و له ژێر سایەی زۆرداری و ستەمی ئەواندا بژین  و تالان بکەن،وێران بکەن و سیاسەتی بە عەرەب کردن و جینۆ سایدکردنی کورد بە تەواوی ئەنجام بدەن ئەم بڕیارەی بەعسیەکان زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی گرتبۆوە و ئەم بڕیارە شەرماوەرانە لە زۆر شوێنەوە جێ بەجێ کرا بوو،لە مێژ نەبوو کە دەڤەری ئێمەو دەورو بەری چیای سەربەرزی هەلگوردیش وەبەر ئەم بڕیارەشومەی رژێمی ئێراقی  کەوتبوو،ڕۆژێ نەبوو کە هەوالی چۆل کردن و بە سەریەکا تەپاندنی گوندێک لەو گوندانە نەبیستین،هەموو ئەو گوندانەی کە خاپوور دەکران و خەلکی ئاواییان لێ دەربەدەر دەکردنو ئەوسا دارو بەردیان گڕ تێ بەردەداو تەواوی ڕەزو باغ و دارو دەوەن و لێڕەوارەکانیشیان لە ڕەگ و ڕیشە دەردەهێناو لە ناویان دەبردن و هەرچی ئاوی کانی و ڕوباران و ئەشکەوتەکانیش بوون بە تێکڕایی دەیان خنکاندن و سیمانکاریان دەکردن و بەو پەڕی دڕندەییەوە ئاسەواری ژیانیان لە ئاوایی و دەورو بەری دێیەکانی کوردستان دا نە دەهێشت و لە ناویان دەبردن و خاک و خۆلیشیان گڕ تێ بەر دەدا،ئەو کارەی کە ئەوان بەرامبەر بە کوردستان و تەواوی خەلکی کورد ئەنجامیان دەدا لەتەواوی مێژووی مرۆڤایەتی بێ وێنەیەو هیچ دکتاتۆرو مرۆکوژانی زەوی تا ئەو ڕادەیە و بەو شێوەیە ئاوا دژ بە میللەتێکەوە هەل نەستاون،ئەوان وایان دەزانی کە بەو شێوەیە دەتوانن بە سەر بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد دا زال ببن بەلام خەیالیان زۆر خاو بوو گەلی کورد هەگیز چۆکی بەرامبەر دوژمنانی نەداوەو شۆڕشی ئازادیخوازی کورد هەر لە گڕ و بلێسە بۆ سوتانی داگیرکەران بووە .

KURDISTAN NET www.kurdistannet.org

ئەو سالە هەڕەتی وەرزی بەهاری ڕەنگینی کوردستان بوو،چیا سەرکەشەکانی کوردستان و تەواوی کۆساران ولێڕەوارو تەواوی دەشت و قەدپالە نەخشینەکان و پەلەهەورە قەدپالەکان و دۆندەکان،دارو دەوەن و ڕەز و باغ و جەنگەلە چڕەکان و کۆزە ئەسپیندارەکان و گەرمێن و کوێستانەکان ئەوەندە ڕەنگین ببوون کە دلی هەموو مرۆڤێکی دەهێنایەوە جولەی خۆشەویتی کوردستانی ئازیزەوەو سەر تاپای کوردستان ببو بە بەهەشتێکی خودایی و کە وێنەی لە ناو جیهان دا کەمە.

ڕۆژێکی هەینی لەو بەهارە خۆشەدا،لە دوای نوێژی بە کۆمەلی ئێوارە،هەروەک هەمیشە لە گەل حاجی مەلا خدر و زۆربەی زۆری پیرەمێرەکانی ئاوایی و هەندێ لە لاوەکانیش لە بن سێبەری هەیوانی مزگەوتەکەمان کۆ ببووینەوە،هەموومان بە یەکەوە دەربارەی هەوالەکانی

خاپوور کردنی ئاوایی و ماڵ و حالی خەلکی بێ تاوانی کوردمان باس دەکرد ماموستا مەلا خدر بە پێی ئایەت و قورئانی پیرۆز ئەو بەعسیانەی بە کافر دا دەنا کە ئاوا بەربوونەتە گیانی خەلکی کوردەواری و ئاوا تەواوی گوندەکان ئەنفال دەکەن بە زۆری زۆرداری دەریان دەپەڕێنن،ماموستا ئەم ڕەفتارە نامرۆڤانەی بە گوناهێکی زۆر گەورە دادەناو باسی دەکرد و دەیفەرموو،ئەمە تاوانێکی گەلێ گەورەیە دژ بە خواو پەیامبەر و هەموو یاسایەکی مرۆیاتیە، هەر ڕژێمێک کە ئاوا دژ بەخەلکی خۆی ڕەفتار بکاتن و ڕۆژێ هەردێتن کە توشیان بە بەلایەکی گەورە دەبێت و لەناو دەچن و یەزدانی مەزن غەزەبیان لێ دەگرێت و تۆلەی ڕق و کینەی گەل وەجۆش دێت و ناوی گلاویان دەخرێتە زبلدانی مێژووەوە،ئەو ڕۆژە تەواوی باس و خواسەکان دەربارەی ئەو زۆلمە گەورەیەو بێ وێنەیە بوو کە ڕژێمی بە عس لە کوردستان دا ئەنجامی دەداتن و پێی هەل دەستێت و بەرامبەر بە خەلکی هەژارو چەوساوەی گەلی کورد دەیکەن،لەو کاتە دا هەر یەکەمان بە هەناسەیەکی ساردوسڕەوە دەردی دلی خۆمان دەردەبڕی و بۆ یەکتر باسمان دەکرد،زۆر بە پەرۆشە یادی ڕۆژگارانی ڕابودرومان دەکردەوە،یادی ئەو ڕۆژانەی کە لە سایەی شۆڕشی پیرۆزی ئەیلولی مەزن دا ئازاد و سەربەست و ڕزگاربووبووین،ئەو کاتانەی واتە لە سالی 1961 وە ڕا تا سالی 1975چەند بە خۆشی و شادی بووین هەرچەندە تۆپ باران و بۆردومانی فرۆکەکانی ڕژێم ڕۆژ بە ڕۆژ خەست تر دەبوون و زیاتر پەلاماری کوردستانیان دەدا، بەلام لە ناوچەکەمان ئازاد و سەر بە خۆ بووین و چەوساوە و ژێر دەستی داگیرکەران نەبووین و هیچ ترسێکمان لەو هەموو هەڕ و گێڤەی دوژمنان نەدەکردو باکمان لە هێرشەکانی وێرانکەر و دڕندانەی دوژمنانەوە نەبوو،ماموستا حاجی مەلا خدریش ئەو ڕۆژە زۆری حەدیس لە بارەی زۆلم و زۆرداری خوێندەوە،حاجی مەلا خدر کە مرۆیەکی نورانی و خوا پەرست و تا بلێی نیشتمانپەروەرو باش بوو،هۆزانوانێکی مەزن و لێ هاتوو بوو گەلێ شیعری بە سۆزیشی بۆ خوێندینەوە،ئاخر ئەو ماموستا هێژایە گیانێکی پاکی کوردانەو نیشتمانپەروەرانەی لە ناو دل و دەروون دا هەبوو،تەواوی خەلکی ئاوایی ڕێزیان لێ دەناو خۆشیان دەویست،هەموو ڕاو پرسێکیان هەر بەو مرۆیە مەزنە بوو،گوێ ڕایەلی قسەکانی بووین،هەروەک هەمیشەماموستا مەلا خدردەهاتەسەر پەیڤ گوتن و دەیفەرموو:

KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org

من زۆر جاران مەبەستی ڕژێمی بەعسیەکانم بۆ ئێوە ڕوون کردۆتەوە،لە ڕۆژی هەینی و تەواوی کۆڕەکان دا ئەم باسەم بۆ کردوون کە ئەوانە نیازیان چیە و بۆچ وا دەکەن و ئاوا بە سەر سەری خەلکی کوردستان دێنن،بۆچی دێهاتەکانمان وێران و خاپوور دەکەن،بۆچی خەلکی بێ دەرەتانی کوردەواری وگوندەکان دەڕەتێنن و دەرمان دەکەن،بۆچی ئەو هەموو ئازارو شکەنجەو کوشت و کوشتارە لەکوردستان وەدی دێنن،بۆچی بە سەدان هەزار لاوو پیرو ژن و منداڵەکانمان لەناو زیندانە ڕەشەکان و دەشت و هامۆنەکان ون و وێل دەکەن،بۆچی ئاوا خەلکی گەرمیان و شاری کەرکوکی دلی کوردستان و لە سنجارەوە تا خانەقین تەعریب دەکەن و عەرەبەکان دێننە شوێنی باوک و باپیرانمان،ئەمانە هەمووی لە بەر چاوانمانن و دیارو ئاشکران و هەریەک لە ئێمە بە چاوی خۆمان دیومانەکە چیان بە سەر هێناوین،هەموو ئەمانە بۆ ئەوەیە کە ئەم بەعسیانە دەیانەوێ خەلکی کورد لە ناو بەرن،جینۆ سائیدمان بکەن و بە خەیالی خۆیان کورد بتوێننەوە،هەتا دوێنێ شۆڕشی کوردستان لە ئارادابوو،گەلێ لە ناوچەکان ڕزگار کرابوون،ئێستاش کە ئەو کارەساتە بەسەر شۆڕشی کورد هاتووەو بە یارمەتی شای ئێران و دەولەتی جەزائیر ئەو زولمە گەورەیان لە گەلی کورد کردووەو لە پشتەوە را خەنجەرێکی ژەهراویان لە بارزانی و شۆڕش داوەو ئەو هەرەسەی گەورەیەی کە دیمان بە سەر کوردیان دا هێناوەو بە سەدان هەزار خەلک ئاوارەو دەربەدەر کراوە و دوژمنان تا ڕادەیەک لە گەلێ لە مەرامە گلاوەکانیان سەرکەوتن وئاوایان بە سەر کورد هێنا،بەلام ئەوە بزانن پێشمەرگەو شۆڕش قەت لە ناو ناچێتن،هەر لەوساتەوە کە پێشمەرگەی کوردستان پەیدا بووینەوەئەوا دوژمنان خەریکن کوردستان وێرانتر دەکەن،دەیانەوێ هەرچی ئاوایی کوردەواریە خاپووری بکەنم نچونکە شۆڕشێکی تر لە ئارا دایە،هەر بۆیەشە کەدوژمنان وا زەندەقیان ڕۆییوەو و ترسیان لە کوردە دەیانەوێ بەم زۆرداریەیان کورد زێتر لە ناو بەرنوبلێسەی ئاگری شۆڕشی کورد خامۆش بکەنەوە،نەوەکوئەمجارەش ئەو دکرەساتەی کە بە سەردوژمنانمان لە شۆڕشی ئەیلول هاتووە دیسان بە سەریان دا بێتەوە،جا گوندەکان چۆل دەکەن کە نەوەکو پێشمەگەی کوردستان تیادا بحەوێنەوە،ئەوەتان پێ بلێم کەئەم شۆڕشەی تازەو سەر لە نوێی ئەمڕۆکە کە لە ئارا دایە تازە هەرگیز خامۆش نابێتەوە هاکا هەموو چیا سەرکەشەکانی کوردستان تەژی ڕۆلە پێشمەرگەو دلێرەکانی کوردستان بێتەوە،ئەوە بزانن کە

KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org

دیسان پێشمەرگەی کوردستان لە چیاو دول و دەشتە ڕەنگینەکانی کوردستان تەنگ بە دوژمنان هەل دەچننەوەو تەواوی گوندو دیهات و شارەکانمان ڕزگار دەکرێنەوە،دوژمنان خەیالیان زۆر خاوە،بە خەیالی خۆیان گوندەکان نەهێلن شۆڕش جارێکی تر خامۆش دەکرێتەوە،شۆڕشی ئەمجارە مەرگی ئەوانە،ئەوە هەرگیز لە یاد مەکەن کە میللەتان لە ناو ناچن هەرچەند زۆردارو دڕندە بن هەر سەرناکەون چونکە یەزدانی مەزن لە گەل بەشخوراو زۆر لێ کراوانەو لە دواییش هەر چەوساوە و ماف خوراو سەرکەوتوو دەبن،ئەوان ئێستا دەیانەوێ عەرەبەکان لە جێگەی باوک و باپیرانمان نیشتەجێ بکەن خەلکی کورد لە ناو بەرن ئەم ڕەفتارە دژی هەموو یاسایەکی مرۆڤایەتی و ئیسلامەتیە خوا لێیان هەلناگرێت و بیستوتانە کە کوردیش دەلێت زۆرداری لە زۆریەوە دەپسێت،ئەم قسانەی ماموستا دلی ئێمەی بە تەواوی ئاو دەدایەوەو  شادی دەکردین،ورەی نیشتمانپەروەری بەرز دەکردینەوە،ئیتر لە دوای خوێندنەوەو شێ کردنەوەی چەند ئایەتێکی تر لە بارەی زولم و زۆرداریەوە ماموستا دلی شاد دەکردین،کاتێ کە ماموەستا مەلا خدر لە قسان بۆوە ئەوسا خالۆ ئۆمەری ڕیش سپی و قسە خۆش و دونیا دیدەوپێشمەرگەی دیرین و خۆشەویستی ئاوایی کە بە ڕاستی پیرە مێردێکی ژیکەلەو زۆرزان بوو،مرۆیەکی دیاری ئاواییەکەمان بوو،ئەویش جێگەی ڕێزی هەموومان بوو،هەستایەوە سەر پێیان و ڕوخسەتی لە مەجلس و حاجی مەلاخدر وەرگرت وگوتی:برادەران من ئەم هەلە زۆر بە باش دەزانم کە بیرو ڕای خۆمتان لەو بارەوە پێ ڕا بگەیێنم و پێتان بلێم کە من ئەم قسانەی کەوا ئێستاکە دەلێم ئەوا لە ناخی دل و دەرونمەوەیەو بیرو باوەڕی ڕاستەقینەمە، ئەوەی کە ئێستا پێتان دەلێم بە بێ سێ و دوو بە جێیان دێنم،ئەوەش بە ئەرکێکێ  کوردانەی سەر شانی خۆمی دەزانم،خۆ دەشزانم بەعسیەکان دڕندەن خوا نەناسن هەروەک حاجی مەلا خدر فەرمووی،دوژمنان ئێستا دەستیان دەڕوات و هەرچی بەرهەلستیان لەو بارەوە بکاتن بەبێ سێ و دوو لە ناوی دەبەن و دەیکوژن،بەلام بڕیاری مردنی سەربەرزانە لە ژیانی ژێر دەستی و سەرشۆڕی بۆ دوژمن گەلێ چاکترە،هەر بۆیەکەشەکە من بڕیارم داوە سەربەرزانە بمرم نەک سەرشۆڕانە بژیم و لەم بڕیارەی خۆشم هەرگیز پەشیمان نیم،من لە هیچ کاتێک دا ئامادەنیم کە گوندەکەی خۆم بەجێ بێلم و خوێنی حۆم لە سەر خاکی خۆم دەڕێژم و هەرگیز سەرم بۆ ئەو پیاو کوژانە شۆڕ ناکەم و وەک پێشمەرگەیەکی دلسۆزو

KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org

ئازا بەربەرەکانی دوژمنان دەکەم و هەرگیز تەسلیم بە ئیرادەی ئەوان نابم جا هەرچی دەبێت چش،چونکە ئەوان بڕیاری خۆیان داوەو منیش بڕیاری خۆم داوە،دیاربوو خالۆ ئۆمەری دونیادیدە زیاتر بە قسەکانی خۆی هەل دەچوو و جارو بارەش دەسرِەکەی گیرفانی دەر دەهێناو ئارەقەی دم و چاوی خۆی دەسرِیەوەو دەیگوت:من لە گوندە ژۆر بووم بە چاوی خۆم برازاو خزمەکانی خۆم دیت کە چیان بە سەرهێنان و ئەو دوژمنانە چەند بە دڕندەیی ئاگریان لە ماڵ و حالی خەلک بەردەداو مزگەوتی ئاواییان هەر بە قورئانەوە سوتاندو بە تانک و تۆپەکانییانەوە هەرچی خانوو بەرەو شوێنی ژیان بوو بەسەر یەکیان دا تەپاندو زۆر وەحشیانە خاپوورو وێرانیان کردو هەرچی ژن و منداڵ و پیر و لاوی ئاوایش بوو بە شەققە زیللەو لێدان و کوتانەوە سواری ئوتومبێلە سەربازیەکانیان کردن و ماوەی چوار مانگان هەر کەس نەمان زانی کە چیان وەسەر هێنان و بەرەو کوێیان بردن و پاشان زانیمان کە لە ئۆردوگای زۆرە ملێی قوشتەپەدا هەروەک بەند کراوان ژیان دەبەنە سەرو وەزعێکی زۆر نالەبارو ناخۆشیان هەیە،بۆیەکە من هەر ئەو کاتە بڕیاری ئەوەم داوە کە هەرگیز لەم ئاواییە بە مردن نەبێت ناچمە دەرەوەو گیانی خۆم بە ئاوایی و کانی و ڕوبارو لێرەواری گوندەکەم دەبەخشم و با دوژمنان زیندە بە چالم بکەن لە سەر شۆڕی ژێر دەستی ئەو پیاو کوژانە چاترە،خالۆ ئۆمەر لە حرسان دلی دەجۆشاو دیاربوو وردە وردەش فرمێسک لە چاوەکانی دەهاتە خوارەوە بەلام زۆری پێوە دیار نەبوو،ڕووی کردە مام عەلی و حاجی خدرو ماموستای گوندو گوتی کوانی ئازادو ڕزگار و قالەی جگەر گۆشەکانمان،هەر دوێنێ نەبوو کە تەرمی ئەو لاوانەمان بۆ هاتەوەو هەموو جەستەیان هەنجن بە هنجن کرابوو،لە ژێر باری لێدان و کوتان و داپلۆسینی ئەو دڕندانە دا گیانیان لە دەست دابوو لە ناو زیندانە ڕەشەکانیان دا بە شکەنجە لە ناویان بردن،لە سەر چی ئەوانە و هەزاران هەزارانی تریان ئا بەو دەردەوە بردووە،هەر لەبەر ئەوەی نیە کە تەنیا کوردین و بەس،شکەنجەو ئازاردانی ڕۆلە کوردەکان و دەرکردن و ون و وێل کردن و ئاوارە کردن و خاپور کردنی سەدان هەزار گوندی کوردەواری تەنیا بۆ نیازی لە ناو چوونی کورد و کوردستان نیە؟هەمووومان زۆر چاک دەزانین کە ئەو پیاو کوژانە چیان بە سەر میللەتی کورد هێناوە،بە هەزارنیان زیندە بە چال و ون و وێلی هامۆنەکان کردووەو هەر چەند ڕۆژ لە مەو بەر نەبوو کە هەوالی ون کردنی هەشت هەزار بارزانیمان بیست و کە لەو ئۆردوگای قوشتەپەدا بردیانن

KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org

و دەلێن هەموویان خستۆتە ناو کیمیاو سوتاندویانن،ئاخر کامە دکتاتۆر و مرۆ کوژی ئەم جیهانە ئەم هەموو تاوانانەیان بەرامبەر بە خەلکەوە ئەنجام داوە؟ ئەمانە ڕووی هێتلەر و مۆسۆلینیشیان سپی کردۆتەوە،نەفرین لەو داگیرکەرە دڕنادنە نەمری و سەر بەرزی بۆ شۆڕشوان و شەهیدانی کوردو کوردستان،کێ بێ مەرامی گلاوی ئەو بەعسیانە نەزانێت کێ بێ ئەوە لە یاد بکاتن کە ئەمانەچیان دەوێت؟بۆیەکە من لە پێناو شەرڕەف و ناموسی گوندەکەم گیانی خۆم دەکەمە قوربانی و هەرگیز تەسلیم بەوانە نابم،دەزانم بەعسیەکان پیاو کوژن خوا نەناسن دڕندەن لە هیچ شتێک ناپەنگێنەوە،بۆیەکە داوام لە ئێوە بە تایبەتی دۆستەکانم حاجی خدرو ماموستاو قادری مەلازادەی هەڤالی دیرینەم کە ئەو ئێستا لێرە نیە ئەوەیە کەمردم لەگردۆلکەی زەویەکەی گۆڕەجۆ دا بم نێژن و کێلەکەشم لە بەردێکی گەورەی شاخی بەڕاس بێت و لە سەر کێلەکەم بنوسن:مام ئۆمەری شەهید لە ڕێگەی خاکی پیرۆزی خۆی و شەڕەف و کەڕامەتی ئاواییەکەی گیانی خۆی بەخشی،خۆ هەرگیز گەردەنتان ئازاد ناکەم کە لێرەم نەنێژن لە ژێر سایەی دار بەڕوو گوێز و چنارو گێوژ و کرۆسکە شیرینەکانی کوردستانەکەم و گوندە ئازیزەکەم،تاوەکو لە کەژی بەهاراندا گوێم لە سروەی فێنکی چیا سەرکەشەکانی کوردستان بێت و کچ و کوڕانی کەوشچیان بەلاما تێ پەڕن و لە یادم نەکەن و بلێن مام ئۆمەری شەهید لە ڕێبازی مەردایەتی و قارەمانانە مردو ئەوسا بێنە سەر قەبرەکەم و بلێن بە کوردی دەژیم بە کوردی دەمرم بە کوردیش دەدەم وەرامی قەبرم ، ئەوسا دەستە گولی مێلاقەو کەنێرو شیلان و نەرگزو بەیبونم  لە سەر گۆڕ دابنێن و تاوەکو تێر بۆنی کوێستانی خۆم بکەم و ئەو سا تێروپڕ دەحەسێمەوە،با لە کەژی پایزیشدا گوێم لە خشپ و هۆڕی گەلا ڕێزان بێت و دەروونی گۆڕەکەم پڕ بێت لە بۆنی هەوای پاکی کوردستانەکەم،با لە زستانانیش بەفری سپی و ساردی کوێستانانم بەسەر گۆڕەکەم دا ببارێت و ئاوی ساردو سڕی بەفری کوردستانەکەم بەسەر جەستەو تەرمەکەم دابێت و پاک و بێ گەردو دلخۆش ببمەوە،با لە کەژی هاوینیشدا کاروانچیان و دۆم و ڕەوندە ڕەفتار شیرینەکان بەلاما تێپەرن و گوێم لە ئاوازی شیرینی دەوەرە گولێ و لاوک و حەیران و گۆرانی ئەوان بێتن،ئەو مردنەم لە لاوە گەلێ پێ سەر بەرزانە ترە لە ژیانی ئۆردوگایە زۆرە ملێکان،نەفرین لە دوژمن،نەفرین لە ئۆردوگا،نەفرین لە سەر شۆڕی،ئای کە بەختەوەرم لەو ساتانە دا کە لەباوەشی دایکی شیرینی خۆم

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org

کوردستانە ئازیزەکەم بۆ هەمیشە سەربەرزانە چاوم تێک دەنیم و بۆ هەتا هەتایە لێی دەخەوم،بەوشێوەیە مام ئۆمەر لە قسەکانی خۆی بۆوەوچاوی بڕیبوە کۆڕی مەجلیسکەو زەردە خەنەی خەم و ئازاری پێوە دیاربوو.

تەواوی ئەو گوفت وپەیڤانەی خالە ئۆمەر کۆڕی ئەو مەجلسەی کپ کردبوو،هەموو لە هەموو زۆر بە ڕێزەوە گوێیان لە گۆتەکانی خالۆ ئۆمەر گرتبوو و زۆر دلنیاش بوون لەوەی کە هەرچی خالۆ ئۆمەر دەیلێت ئەنجامی دەداو لە کانگای دلیەوەیتی و ئەملاو ئەولای بۆ نیە،گەلێک لە پیرە پیاوانی ئاوایی داهاتووی ئەم کارەساتانەیان دەهێنایە بەر چاوو دەیان زانی کە لەو کاتەدا چی ڕوو دەدات،هەموویان لە داخ پەژارەو ئازاراندا فرمێسکی بێ دەسەلاتیان هەل دەڕشت و هیچ چارەیەکیان نەبوو،تەنیا چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە ڕەشەیان دەکرد،چارەنوسی تەواوی خەلکی گوند و ئاوایی ڕوون نەبوو،قسەکانی خالۆ ئۆمەر گەلێکی کار تێ کردن،زۆربەیان زۆربەیان دەیان گوت مردن بە مەردی لە ژیانی سەر شۆڕی زۆر بەرزترە و خالۆ ئۆمەر ڕاست دەکاتن و بەلام زۆر بە نا ئارامیەوە هەموویان کپ دەبوونەوەو بێ دەنگ دەبوون،دیسانەکە خالۆ ئۆمەر هاتەوە قسان و گوتی:هەڤالان خۆشەویستانم دلتان هیچ نەکات من بڕیارم داوە قوربانی ئێوەم،بەلام جەزدەکەم دەربارەی ڕێواری جگەرگۆشەم نەوەی ئازیزم شتێکتان پێ بلێم کەهەمووتان ئەوە باش دەزانن باوکی ڕێبواریش هەر لە سەر شەڕەف و کەڕامەتی کوردەواری شەهیدبووە،ئەو هێشتان پێ نەگەیی بوو کە لە گەل ئازاد و ڕزگار دا گیران و بێ سەرو شوێن کران و تەرمی هەردو شەهید ڕزگارو شەهید ئازاد هاتەوە کە لە دوای ئازارو شکەنجەدا شەهید کرابوون،بەلام کاکە ڕێبوار ئێستاش هەر بێ سەر و بێ شوێنە کەس نازانێ ماوە یان شەهید کراوە و چی بە سـەر هێندراوە؟هەرچەندە کەمن دلم ڕوونە دەزانم کە ئەویش نەماوەو ناگەڕێتەوەو ئەویش گیانی پاکی بەخشیوە بە کوردو کوردستان و لە ژێر باری گرانی ئەشکەنجەو ئازاردا شەهیدیان کردووە،بەلام ئەگەر تەرمەکەی بە دەست ئێوە کەوتەوە داواتان لێ دەکەم کە گۆڕەکەی لە لایەن ئازادو ڕزگاری شەهیدان بێتن،چونکە بە خۆم چاوەڕوانی ئەوەبووم کە بەم ئارەزووەم بگەم و لە سەر گۆڕەکەشی ئەم پارچە شیعرەم بنوسنەوە:

ئەی شەهیدی هەردەم زیندوو

تۆ سەر بەرزی قەت نەمردوو

KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org

بۆ نیشـــــتمان بویته قوربان

قەت نامری لە کوردســــتان

شەهید جێگەی شــــــانازیە

بۆ میللــەتان ســـــەربەرزیە

هەر میللەتی شـــەهیدی بێ

هەر ســـــەربەخۆو ڕزگادەبێ

لە دوای ئەم پەیڤانە بێ دەنگ بوون،دیاربووچەند لاوێکی تازە پێ گەیی کە نەمان دەناسین هاتنە لای خالۆ ئۆمەرو ئەویان لە گەل خۆیان برد و کۆڕی مەجلیسەکەیان بەجێ هێشت،تەواوی بەشداربوانی کۆڕەکە لەم پەیڤانەی خالۆ ئۆمەر زۆر نا ئارام دەبوون ،ئیتر هەمومان پەرتەمان لێ کرد و هەریەکەمان بەرەو ماڵەکانمان بووینەوەو چاوەڕوانی پێشهاتەکانمان دەکرد و تا بشلێی خەمبارو ناڕحەت بووین.

ئەو شەوە من زۆر بە دژواریم بردە سەرو تاکو سەرلە بەیانی خەوم لێ نەکەوت و هەرچەند ئەولاو ئەملام دەکرد بەلام خەوم لێ هەلزڕا بوو و خەوم ناهات،کەلەشێری بەیانیانی سەربارەداران دەستیان بە خوێندن کردوئاوایی وردە وردە ئاسۆی دووری ڕۆن دەبۆوەو مامۆستا مەلاخدریش بانگی نوێژی بەیانی داو،هێواش هێواش خەلکی ئاواییش بەرەو کانی و مزگەوت دەخزان و ئەرکی پیرۆزی سەر شانیان ئەنجام دەداو نوێژی خۆیان دەکرد،هێشتان ئاوایی هەر کشو مات بوو،من هەستام هاتمە دەرەوەو بەرەو کانی مزگەوت بەڕێ کەوتم و هەر لە دالغەی قسەکانی خالە ئۆمەر بووم و دەمزانی ئەو قسانە زۆری بە بەر وەیەو خالۆ ئۆمەرێکی هەرچی کە بیلێت وەدی دەهێنێ بۆیەکە هەموو دیمەن و بەسەرهاتەکانی ئەو ساتەم لە بەرچاوی خۆما دیاری کردبوو،بەمەش نا ئارام دەبووم و وەک تەواوی خەلکان دڵم دێشا،هەرکە چوومە سەر کانی مزگەوت دیاربوو خالۆ ئۆمەر نوێژی دەکرن،منیش دەستنوێژم هەلگرت و دوڕکات نوێژی بەیانیم کردو لە یەزدانی مەزن پاڕامەوە کە لەم بەلاو گرفتاریە بمان پاڕێزێت و لە چنگ بەعسیان ڕزگاریمان بێت و توشمان بە دەستی ئەو دوژمنانە نەبێتت،لە دوای نوێژ کردن هەستام چوومە لای خالۆ ئۆمەرو لە تەنیش ئەوا ڕاوەستام و گەلێ بیر و خەیالاتم بۆ هاتن و ئیتر لە شوێنی خۆما مات بووم و دەمڕوانیە خالۆ ئۆمەر، ئەویش کە سەلامی دایەوەو نوێژی تەواو کرد،بە منی گوت: ها حاجی گیان چۆنە وا زوو هاتوویتە

KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org

سەر کانی ؟من زۆر بە کەمی دیومە کە تۆ وا زوو بێی نوێژی بەیانی بکەیت، منیش گوتم: چی بلێم خالۆ ئۆمەرگیان!دەزانی قسەکانی دوێنێی تۆ چەند کاری تێ کردووم ئەمشەو تا ئێستا خەوم لێ نەکەوتووە؟ئاخر من گەلێک نا ئارام بووم لە تاو خەمی گوند وخەمی تۆ،ئەوەم لە سەر دلان زۆر گرانە،هەرچەندی دەکەم لە یادم ناچێتەوە،نازانم چی بکەم؟

لەو کاتە دا خالۆ ئۆمەریش سەیرێکی منی کرد و هەناسەیەکی زۆر قووڵ و ساردی هەلکێشاو زۆر بە پەرۆشەوە گوتی:دەزانم من دەکوژرێم و شانازیش بە شەهید بوونی خۆمەوە دەکەم،ئەوەی کە منیش بۆی پەرۆشم ئێوەن،چونکە دەزانم چیتان وەسەر دێتن،

زۆر بە پەرۆشەوە خالۆ ئۆمەر گوتی ئێوە هیچ خەمێکی منتان نەبێتن بەلام توخوا حاجی گیان ئارەزووەکانم وەدی بێنە ئەگەر ئەو داوانەی کە من کردوومە بۆم جێ بەجێ بکەن ئەوا ئەو دەمانە من شادو بەختەوەر دەبم،ئیتر خالۆ ئۆمەر هات و ئەملاو ئەولای منی ماچ کردو گوتی ڕاسپاردەکانی من لە یاد مەکە ،ئیتر تفەنگەکەی خستە سەر شانی و ڕۆیشت،منیش چومە سەر کانی مزگەوت و نوێژم کردو هیواش هیواش بە دلێکی گڕ لە ئازارەوە بەرەو ماڵ گەڕامەوە.

KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org

ئەو ڕۆژەش ڕۆی شەموو بوو،ئێمە وا بە نیاز بووین کە دروێنەی پارچە زەویەکەی ئەوبەری دێ بە هەرەوەزی لە گەل خەلکی ئاوایی لەو ڕۆژەد ئەنجام بدەین و لە گەل ماڵی مام ڕەحمان و حاجی عەولا و ماڵی حاجی خدر بەیەکەوە هەتات کاتی نیوەڕۆ دروینەکە تەواو بکەین،دوای نیوەڕۆش چەند دێراوێک لەتوتنی زەوی بەرماڵانمان هەل بکەنین و بە داویەوەبکەین و بەیانیش بچینە هەرەوەزی ماڵی مام حاجی خدر،ئاخر ئێمە هەمووومان هەمو سالێک کە هەڕەتی دروێنە و توتن و کاری وەبەرهەم هێنان دادەهات بە یەکەو کارەکانمان دەکردو بە هاوکاری یەکتر زۆر بە باشتر کارو بارەکانمان بە ڕێوە دەچوو،دلێری مام حاجی عەولاش هەڤالێکی شێرکۆی کوڕم بوو،یەکتریان زۆر خۆش دەویست و هەمیشە بە یەکەوە بوون،ئەوانیش بە تەمای ئەوە بوون کە دوای مانگی گەلا ڕێزان واتە لە دوای گواستنەوەی دەزگیرانی شێرکۆ و گێڕانی زەماوەندی ئەو ئێمەش دازگیرانەکەی دلێرش بگوازینەوەو گۆوەندێکی گەورەو زەماوەندێکی پڕ لە شادی و خۆشی بکەین،ئێمە هەمیشە کە کۆ دەبووینەوەو

باسی ئەو دوو زەماوەندەمان دەکردو هیوای شاییەکی خۆشمان بۆ هەردو لایان دەخواست.

بەلێ ئەو ڕۆژە سەر لە بەیانی بووهێشتان هەر لە سەر نان خواردنی بەیانی بووین و گەلێ هیواو ئاواتمان لە دل دابوو،لە ناکاو بوو بە هاڕە هاڕێکی زۆر چڕ و پڕ،تانک و بلدۆزەرەکانی داگیرکەران بە ناو ئاوایی وەر بوون،ئەو ناوە تەژی ئوتومبێل و سەرباز و خۆ فرۆشەکان بوو دایکی شێرکۆ بە هۆی ئەوەی کە کەمێ گوێ گران بوو،ئەو هەراو هۆریایەی گوێ لێ نەدەبوو،منیش گێ بیست بووبووم کە لەوانەیە ئەمڕۆکە داگیرکەران بێنە گیانمان و ئەوەی بیانەوێ پێمان بکەن،هەر لە بەر خۆمەوە دەستم بە دوعایان کردو گوتم خودایەبە تەمای تۆ،دەستم لە سەر نان خواردن شل بوو،هەر لە بەر خۆمەوە گوتم ئەی هاوار بۆ تۆ و خالە ئۆمەر،بە خوا ئەمڕۆ دوا ڕۆژی ژیانیەتی،خواش هەر بۆخۆی دەزانی کە چی ڕوو دەداتن و ئەو پیاو کوژو نامەردانە چیمان وەسەر دەهێنن،،من لەم خەیال و بیر کردنەوانە دابووم کە لە ناو گوندا بوو بە تەققەو ڕێژنەی ڕەشاش و مترەلۆزەکانی دوژمن،لەو کاتەدا من بە شێرکۆم گوت ڕۆلە گیان ئێوە وەدەر مەکەون من دەچم بزانم چی ڕووی داوە لە ناو ئاوایی دا،،هەستام لە ماڵەوە وەدەر کەوتم و کەمێ لە بەر دەرگای ماڵەکەی خۆمان هەستم لە ناو دێ ڕاگرت،هەرچەند چاوم گێڕا کەسم وەدی نەکرد،چونکە ماڵەکەی ئێمە کەمێ لاپەڕگە بوو شوێنەکەشمان وا بوو کە دێمان بە تەواوی لێوە دیار نەبوو،ئێمە کەوتبووینە خوارووی ئاواییەوە،کەمێکی تر هەستی خۆم ڕاگرت گوێم لە دەنگە دەنگ و کەمێ سەرو سەدای نەزیک بوو،هەتا دەهات ئەو دەنگە دەنگە نەزیکتر دەبۆوە،لە پڕ هاواری سەربازێکم بیست و هاواری کردمێ وبە عارەبی لێی خوڕیم و گوتی(لاتحەرەک)کە سەرم بڵند کرد سەربازێکی مل چورچی پیس و پلتۆخی کورتە بالا کە هەر لە مەیمون دەچوو بەرەو ڕووم دەهات و کلاشینکۆفەکەی سوار کردبوو و بە دەستیەوە بوو و ڕووی لە من کردبوو،منیش بە ناچاری لە جێگەی خۆم وەستام و ئیتر نەوێرام کە جولە بکەم،نەبادا دەسترێژیم لێ بکاتن و لەو گۆڕە بم داتە بەر گوللەوە،چونکە سەربازانی ڕژێمی عیراقی ئەوەندە دڕندە بوون و کە لە خوت و خۆڕا مرۆیان دەکوشت و لە جینایەت کردن بێ وێنەن لە جیهانە دا،کە لێم نەزیک بۆوە گوللەیەکی بە سەر سەرما دا تەقاند و لێم هاتە پێش،دیسان بە عارەبی لێی خوڕیم و یەکسەر منی دایە بەر قۆنداغە تفەنگ و تێرو پڕی تێ هەل دام،ئەوسا وەپێش خۆی دام و

KURDISTAN NET کوردستان نێت
www.kurdistannet.org

دیار بوو بە عارەبی جنێوی دەدان هەرچەندە کەمن ئەوەندە لە زمانی عارەبی نەدەگەیشتم بەلام دەمزانی کە بە دەمێکی شڕ و گلاویەوە جنێو بە کورد دەدات،ئەو منی بۆ ناو گوند ڕاپێچەک داو منیش وەک ئەسیرێک وەپیشی کەوتم،جارو بارەش قۆنداغە تفەنگێکی پێم ڕا دەکێشام و هەرچی بە دەمی دادەهات لە ناسزاو جنێو دان نەی دەگێڕایەوە،کە بەرەو گوند دەڕۆیشتین سەربازە مل چورچەکەی وەک مەیمون کەم کەم لێم دوور دەکەوتەوەو دەستی لە سەر ماشەی تفەنگەکەیەوە بوو و بە تەواوی نیشانەی تفەنگەکەی لە من گرتبوو،لەو کاتەدا چەند سەربازێکی تر هاتن و ئەوانیش تێرو پڕ دەستی خۆیان وەشاندو منیان دایە بەر زیللەو قونداغە تفەنگەکانیان،ئەوانیش منیان وەپش خۆیان داو تا گەیشتیە لای ئەو ژن و مندالانەی کە لەوێ کۆیان کردبوونەوە،کە سەیرم کرد زۆربەی خەلکی ئاوایی لە ژن و مندالان و پیاوان ئەسیر کراون و بە هاوارو گریان و دەست پێچانەوە لەوێ کەوتبوون و چەند سەربازێکی عەرەبی دڕندە دەورەیان لێ دابوون و بە هەڕەشەو گوڕەشەیەکی زۆر نامرۆڤانەوە پەلاماریان دەدان و کەس نەیدەوێرا فیزەی لێوە بێت،هەرچەند چاوم لە خالۆ ئۆمەر گێڕا لەوێ دیار نەبوو،لە تاو ژانی لێدان و کوتانم و شێرکۆی تاقانەم و دایکی شێرکۆو دیمەنی ئەو هەموو ژن و مندالْ و خەلکەی ئاواییەکەمان تا بلێی نا ئارم و دل تەنگ و پەرۆش بووبووم و ئۆقرەم لێ هەلگیرا بوو چاوم تاریک دا هاتبوو ،لە تاوان لە جێگەی خۆم هەستام ڕووم کردە سەربازێک و گوتم ئەگەر ڕوخسەتم بدەن دەڕۆمەوە مالەکەی خۆم تا کوڕەکەم و خێزانەکەشم بۆ ئێرە بێنم،ئەو سەربازە عارەبەکە دیار بوو کە کوردی دەزانی:هاواری کردمێ گوتی لە جێگەی خۆت نەبزویت ئەگینا خەراپت بە سەر دێت،ئێستا سەربازەکانی تر لە ناو ئاوایینەوە هەموو خەلکەکە کۆ دەکەنەوەو بۆ ئێرەیان دێنن و بۆ ئۆردوگاتان دەبەین،من بە قسەی ئەو سەربازە زیاتر دلم توند بوو و چاوم تاریک بوو بوو و هیچم نەدەدیت،بیرم لەوە دەکردەوە و دەمگوت خوا نەخواستە وەک من لە شێرکۆ بکەن شێرکۆی کوڕم زۆر سەر ڕەقە قەبول ناکات و لە گەل سەر بازەکان تێک دەگیرێ و خراپتر دەقەومێ،بە هۆی ئەم بیر کردنەوانەو ئەو دیمەنە ترسناکەی سەربازەکان خۆم پێ ڕا نەگیراو یەکسەر لە جێگەی خۆم هەر وەک بلێی ئاگام لە خۆ نەبێت وابووم،ڕاستەو خۆ زۆر بە پەلە پەلەوە لەوێ بەرەو مالەکەی خۆم ڕام کردو هەلاتم،بەو نیازەوە کە بچم شێرکۆ دایکی شێرکۆ بێنم،کەمێک دوور

KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org

کەوتمەوە، ئەوەندەم زانی سەربازە دڕندەکان منیان تەیان بە سەرم دا تەقاند و لە هەموو لایەکەو پەلاماریان دام و دەورەیان گرتم و بە نێزەو ۆنداغە تفەنگ و شەقە زللەو پێلاقە هەموو گیانیان وردو خاش کردم و لە هەر لایەکەوە دایان گرتم و ئەوەندەیان تێ هەل دام هەتا شل و کوتیان کردم و منیان بە ڕاکێشان هێنایەوە لای خەلکەکەوە،هەر ئەوەندەم ئاگا لە خۆمەوە بوو کە ماموستا مەلا خدر پێی گوتم کوڕە حاجی خوا بتگرێ تۆ بۆچی وادەکەی نازانی ئەوانە پیاو کوژن زۆردارن کافرن خوا نەناسن هچ وێژدانیان نیە دەستیان بە خوێنی کورد سوربووە هەموو کارێکی نامرۆڤانە دژ بەو کوردە ئەنجام دەدەن،خۆ بۆ خۆت زۆر جار دەتگوت کە ئەمانە پیاو کوژ و زۆردارن و دڕندەن و دەبێ مرۆ تا دکارێ خۆی لە ژێر دەستی ئەوانە بپارێزێت خۆی دوور بکات لە گێچەل و پەلامار دانی ئەو نامرۆڤانەنە دوای قسەکانی حاجی مەلا خدر من دڵم لە خۆ دەبێتەوەو بەبێ هەست دەبم و تا ئەو کاتەی کە خۆم لە ئۆردوگای زۆرە ملێکان لە گەل دایکی شێرکۆ دیەوە،کە واگا هاتمەوە هەموو گیانم وردو خاش بوو بوو،ئازارێکی زۆرم هەبوو،لەو کاتە دا دایکی شێرکۆ بەرەو ڕووم هات و دەستی خستە سەر ملم و یەک بە خۆ هاواری کردو گوتی:هەی ڕۆ شێرکۆی تاقانەم ڕۆ،ئیتر لە هاواری دایکی شێرکۆ دا تەواوی گیانم وەژانتر هات وهەرچی ئازارو ڕەنجەکانم بوون هەمویان سەر لە نوێ بوژانەوە زیاتر بە ژان هاتنەوە و دیسان دڵم لە خۆ بۆوە، کە کەمێ هاتمەوە سەر خۆم و چاوم هەلینا دیم کە لە خانوێکی ڕەق و تەق داین و جگە لە دایکی شێرکۆ بەولاوە کەسی ترمان لە دەورە نەماوە،ناسیاران و خزمان هیچیان دیار نین، دایکی شێرکۆش لەوێ دوای ئەوەی کە زۆر هاوار و ڕۆڕۆ دەکاتن ئەویش هەر لەوێ دلی لە خۆ دەبێتەوە،منیش بە تەواوی گێژ و کاس بووبووم،تا ماوەیەک بیرم نەهاتوە سەر خۆو کە چی ڕووی داوەو لە کوێم، بیری بە سەر هاتی گوندەکەمان لە یاد نەما بوو،هەناوم هەموو دەسوتاو دەتگوت سەدان پۆلی ئاگرم لە هەناوان دایە،،دایکی شێرکۆش کە بە خۆ هاتەوە و وەک شێتانی لێ هاتبوو هەر هاواری دەکردو دەیگوت: هەیڕۆ ڕۆلەی تاقانەکەم ڕۆ و سەردولکەی بە شێرکۆو ئاوایی و خزمان و ئەو کارە دڕندانەی دوژمنان دا هەلدەگوت و نەعلەتی بۆ نەیاران دەنارد،منیش ڕووم دەکردە دایکی شێرکۆ و دەمگوت:ئێرە کوێیە ؟ ئێمە بۆ لێرەین؟چیان وەسەر هێناوین،تۆ بۆ دەگری چی ڕووی داوە؟ لە تاوان هەر هوڕێنەم دەکرد و تەنیا دەنگی گریانی دایکی شێرکۆم دەبیست

KURDISTAN NET
کوردستان نێت
www.kurdistannet.org

کەئەویش ئاگای لە خۆی نەمابوو من هەردەمگوت کوانی شێرکۆی تاقانەمان ؟ ئەی کوانی ماموەستا و خزمانی تر لە کوێن؟ یەک بە خۆمەوە هاوارم دەکرد و دەمگوت گوندەکەمان چی وەسەر هاتووە؟شێت و شەیدا بووبووم،لەو هەاوارو ڕۆڕۆیەی دایکی شێرکۆ کەمێ هاتمەوە سەر حۆم بەلام توانای بیر کردنەوە و بینینم زۆر کەم ببۆوە،ئەو وەزعەی کە لەو کاتەدا چاوم پێ کەوت زیاتر ئازاری دەدام دەرونم پڕ ئاگر تر دەبوو،خۆ دایکی شێرکۆش گەلێک لە منی خراپتر بەسەر هاتبوو و هەتا بلێ شەپرزەو پڕ لە ئازاران بووبوو،ئەو تەنانەت هۆشیشی لە دەست دابوو،چونکە هەرچی لێم دەپرسی وەرامێکی ڕاستی نەدەدامەوە،لە بەر قلپەی گریان و هەناسەی ساردو سڕی و فرمێسکی چاوەکانی قسەی بۆ نەدەکرا هەر دەیگوت ڕۆلە گیان شێرکۆی تاقانەم و بەسەردولکەوە ئەم شیعرەی دەخوێندەوەو دەیگوت :

به قوربانت بم شـــــــێرکۆی تاقانەم
ڕۆلەی ئازیزم چـــــــرای ئەم ژیانەم
دوژمنـــــــــــان هاتن جەرگیان دڕیم
ڕۆلەیان بردم ژیـــانیـــیان بـــڕیم
KURDISTAN NET
کوردستان نێت
www.kurdistannet.org
ڕەببی خودایە پەســت و نەغـــرۆبن
دوژمن ڕووڕەش وهـــــەر بێچـــارەبن
تۆلـــــەی ئاوایی و گوندی شـــــیرینم
خوایە بسێنی لەدوژمن دینـــــــــــم
بۆچــــی واتـــــان کـرد لە کوردەواری
بۆ وێرنـــتان کردگشـــــت گوندەواری
ڕەببی بشکێتن دەســــــتی بەعسیان
گشــــــت لە نـــاو بچن بێتن مەرگیان
هۆڕۆلەی شـــــیرین تاقـانەکەی خۆم
بە قوربانت بێ ســـــــەرو ماڵی خۆم
تۆ لە کوێی ڕۆلــە بۆ دەنگــت نـــایێ
بۆچی ناپرسی لە گـــــــریـەی دایێ
بۆچـــــی وایان کـــرد ئەم نامـەردانە
وا وێرانیـــان کرد ئەم کوردســــــتانە

له بەرووەی کـــوردین ژیانـــیان بردین
هەرچی هـــەمان بوو وا لییان ســەندین
خالۆ ئۆمەریان بەزۆر  شـــــــەهید کرد
شـێرکۆی ڕۆڵەمیان بردوئەنفـــــال کرد
خـــــــاپوریان کرد گونده جـــوانەکەم
ون و وێلیان کـــــرد ڕۆله شـیرەنەکەم

دایکی شیرکۆ بەم سەردولکانەو گەلێ له هاوارو ڕۆڕۆی دەردی دلی خۆی دەردەبڕی و ئازارو خەمی منیش تێکەلاو دەبوون ونەهامەتی و ڕەنج و میحنەتەکانم له ناو خوێن دا دەچەسپان و زامەکانم کولتر دەبوون،خۆ ئەو ناهەق نەبوو کە ئاوا خەمبار بێتن،ئاخر ئەو هەموو ژیانێکی بە قوربانی شیرکۆی تاقانە دەکرد،منیش هەرچەند هەولم دا جگە لەوەی کە زانیم شیرکۆیان بردووەو خالۆ ئۆمەر شەهید کراوە هیچی ترم له دایکی شێرکۆ وەدەست نەکەوت و نەم زانی روداوەکە چۆن بووە،بۆیەکەلەو کاولە خانوەی کە بە ئێمەیان دابوو وەدەر کەوتم وهەروەک شێتانم لێ هاتبوو، ڕووم کردە ماڵی هاوسێکەمان و کە چومە ژوورەوە و چاوم هەلینا زانیم کە ماڵی ماموستا مەلا خدرە،دیار بوو ئەوانیش وەک ئێمە شەپرزەو بێ ماڵ و حاڵ بوون و ئاتاریان له سەر پارتاریان نەمابوو،لەسەر ئەرزێکی ڕەق و تەق بەبێ ڕایەخ و هەموو شتێکەوە لێی ڕوونیشتبوون،خەمبارو مەلولو دل بە ژان بوون، هەر دەتگوت کۆیلەن و ئەسیری جەنگن ، دەستەو ئەژنۆ له یەک کۆ ببونەوە،دایکی ماموستا کە پیرێژنێکی سەر سپی و بە سالا چوو بو تا بلێی ڕوو خۆش و قسە خۆش بوو،بە چاوی فرمێسکاوی و پرچی ئالۆز و چاو بە گریان و خەمبار یەکسەر بەرەو ڕووی من هات و گوتی:هەی ڕۆ ڕۆلە گیان ڕۆ،یاخوا بەخێر بێیت،تەواوی ماڵ و منداڵانی ماموستاش هەموویان له قولپەی گریان دا بوون، کە منیان دیت بە چاوی پڕگریان و ئازارو خەمەوە یەکسەر  هەستان و هەمویان بۆ لای من هاتن و دەورەیان لێ دام و سیمای هەمویان لەو کاتە دا دەتگوت کە کەوتوونەتە ناو چالاوێکی خنکێنەرو بێ دەسەلات مابوونەوە، لەناو ئەو هەموو ڕەنج و ئازارانە دا بێ نەوایی و زولم و زۆر لێ کراویان له تەواوی ڕەفتارو قسەو ڕامانێکیان دیار بوو،زۆر بە حەسرەت و پەژارەوە و بە چاوی فرمێسکاویوە هەموویان حەپەسا بوون،ئەوەندە گریا بوون کە هەردو چاوەکانیان خوێنی تێ زابوو،،کە چاوم بەو دیمەنەی ماڵ و منداڵانی ماموستای

KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org

پیاو چاک وئەو مرۆ کوردە نیشتمانپەروەرە کەوت بە یەکجارەکی دڵم لەویٚ لە خۆ بۆوەو یەکسەر کەوتمە سەر زەوی و تا ماوەیەک بە خۆ نەهاتمەوە،کە بە خۆ هاتمەوە یەکسەر ماموستام هاتەوە یادو گوتم دیارە ئەویش وەک شێرکۆی کوڕم شتێکی بە سەر هاتووە،هەر بۆیەشە کە ئەوانیش ئەوەندە شەپرزەو نا ئارامن،یەکسەر ڕووم کردە دایکی ماموەستاو لێم پرسی و گوتم:دایەگیان تازە هەرچی ڕووی داوە هاتۆتە پێش و ناگەڕێتەوەجا دەبیٚ ئێمە خۆمان دلی خۆمان بدەینەوە،خۆ ڕاگرو دل بە هێز بین،چونکە هیچ چارەیەکمان بەرامبەر ئەو دڕەندە داگیرکەرانە نیەئەوانە دوژمنن مرۆ کوژن زۆردارن،ڕۆژیٚ هەر دێتن کە بازووی پۆلاینی کوردیش تۆلەی ئەم هەموو زولم وزۆرداریە لەم داگیرکەرە چەپەلانە بکاتەوە،ئەو پیاو کوژ و نامەردانە هەتا سەر وایان بۆ ناچێتە سەر، ماموستا سەلامەت و بیٚ وەی بێتن،ئەم بەعسیە نامەردە داگیرکەرانەو چەپەلانەش ڕۆژیٚ هەر دێتن کە لە ناو بچن و تۆلەی هەموو کوردو کوردستانیان لیٚ بێتەوە و نەمێنن،(پێشینیان گوتیانەو دەلێن هەموو شتێک لە باریکی دەپسێتن بەلام زۆرداری لە ئەستووریەوە دەپسێتن)واتە هەتا ئەمانە زولم و زۆری زیاتر بە سەر خاک و نەتەوەکەمان دا بچەسپێنن زوو ترو زیاتر بەرەو نەمان دەڕۆن ،ڕۆژی دێتن کە ڕزگار بین ونەوەکانمان بحەسێنەوەو کوردستانێکی ئازادو سەر بەخۆمان هەبێتن،دوای هەموو ناخۆشیەکیش خۆشیە،هەرچەند من کە قسەم دەکردن، دایکی ماموستا زیاتر دەی دەدایە قولپەی گریان و هەر دەیگوت خودایە ئەم زۆردارانە نغرۆ بن و تەفرو تونا بن،خودایە هەتاکەینیٚ ئەم زۆرداریە لە سەر ئێمە بمینیٚ،خودایە نەمرین و ببینین تۆلەمان سەندراوە.پاشان دایکی ماموەستا بە هەناسەی پڕ لە ئازارو خەمیەوە گوتی:ڕۆلە گیان دەبیٚ ئێمە دەست لەوان بشۆین،تازە ئەوان کەوتونەتە ژێر چنگی دڕندەکانەوە خوا دەزانی کە چیان بە سەر دێنین هەر لەو ڕۆژەوە کە مەلا خدرو شێرکۆی تۆ  چەند لاوێکی تریان دەستگیر کردو بەو شێوە دڕندانە پەلاماری ئێوەو خەلکی ئاواییان دا من لێتان بیٚ هیوا بوومە چونکە کەوتونەتە ناو  دەمی عەزیای مرۆ خۆرەوە،هەر بۆیەکە وا جەرگم لەت لەتەو دڵم تەژی ژانە،من ئەو کاتە لە قسەکانی دایکی ماموستا تیٚ گەیشتم کە شێرکۆی تاقانەم و ماموستاو گەلێکی تر لە خەلکی ئاوایی گیراون و هەتا ئەو کاتە بیٚ سەر و شوێننن منیش ڕووم کردە دایکی ماموستاو منداڵەکانی و گوتم:تازە هەرچی بوو ڕووی داوەو ناگەڕێتەوە،بەلام توخوا دایەگیان بۆم

KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org

بگێڕەوە چۆن بوو و بزانم کێ گیراوە لە گەل ماموستاو شێرکۆ،دایکی ماموستا گوتی:ئەگەر بچیە لای ماڵی مام حاجی عەولا ئەو باشتر دەزانی کە کێ لە خەلکی ئاوایی گیراوە و هەموو شتێکت بۆ ڕوون دەبێتەوە و دەزانی کە لە داوای بێ هۆش بوونی تۆ چیان بە سەر ئەم خەلکە هەژارە هێناوە.

منیش ناونیشانی ماڵی مام حاجی عەولام وەرگرت و هەستام ماڵی ماموەستام بە جێ هێشت و چووم بۆ ماڵی مام حاجی عەولا.مام حاجی عەولا مرۆڤێکی دونیا دیدەو بە تەمەنترین پیاوی ئاواییمان بوو،مرۆیەکی ژیرو بە هۆش و زیرەک بوو،پیشمەرگەیەکی دیرن و ناو دار بوو،ئەو لە لایەن شۆشەوە زۆر ڕێزی لێ دەگیرا،هەرچەند کە خوێندەواری نەبوو بەلام بە قەد گەلێ خوێندەوارانی دەزانی،هەموو خەلکی ئاواییش ئەویان خۆش دەویست و ڕێزیان بۆ ئەو دادەناو پرسیان بەو دەکرد ،هیچ شتێ بەبێ مام حاجی عەولا لە گوندەکەمان نەدەکرا،ئەو نەک هەر لە گوندەکەی خۆمان لە تەواوی ناوچەکەمان،پیاوێکی دیارو شایەستەو خۆشەویستی هەموو کەسێک بوو، کەسایەتیەکی ماقول و نیشتمانپەروەرو دلسۆزی خەلکی کورد بوو،مام حاجی عەولا گەلێک دۆستی منیش بوو،ئەو هەر لە کۆنەوە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلولی مەزن بوو،،هیچمان لێک نەدەشاردەوە،ئەو لە من بە تەمەنتر بوو،ئێمە هەمیشە وەک دوو برا وابووین،بەداخەوە لە سەر ڕاستی گوتنی مام حاجی عەولا لە گەل بەرە بابی ماڵی کوێخا دا کەمی دلساردی لە سەر مەسەلەی پاوان و زەوی زار پەیدا ببوو،هەندێ لە بەرە بابی ماڵی کوێخوا ناهەقانە بەرامبەر مام حاجی عەولا هەندێ ڕەفتاری ناشرینیان لێ ڕووی دا بوو بەلام مام حاجی عەولا ئەوەی وەسەر خۆیا هەرگیز نەدەهێنا،من ئەو کاتەش بە دۆست و هەڤالانم دەگوت:کە ڕاست نیە بەرامبەر مام حاجی عەولا قسەی ناڕەواو ناڕاست بکرێتن و ئەوەی کە دەیلێن هەمووی درۆیە بەرامبەر بە مام حاجی عەولا ڕاست نیە.

ئەوڕۆژە کات ژمێر بەرەو نوێژی نیوەڕۆ دەچوو،من هەستام بەرەو ماڵی مام حاجی عەولا بە ڕێکەوتم،بە پرسیاران ماڵی مام حاجی عەولام دۆزیەوە،چومە بەر دەرگاو لە حەوشەکە وەژوور کەوتم،حاجی ژن هەر لە دوورەوە کە چاوی بە من کەوت بە گریان و ڕۆڕۆ بەرەو پیلمەوە هات و بە چاوی قوڕاویەوە گەلێک بە خێر هاتن و ماندوو بوونی لێ کردم و بە فەرموو فەرموو بەخێرهاتن و سەرچاوان گوتن،بەرەو خانوەکەی کا ماڵێکی ڕەق و تەق بوو منی بردە

ژوورەوە،کە وەژوور کەوتم،چاوم بە مام حاجی کەوت لە سەر زەوی بێ ڕایەخ لێی ڕاکشابوو،تا بلێی خەمگین و دل بە خەم دیار بوو،کە چاوی بەمن کەوت یەکسەر هەستایەوەو دەستی لە ملی من کردو بە چاوی فرمێشکاوی وە تێرو پڕ یەکترمان ماچ کرد،ئەوسا فەرمووی لێ کردم و منیش لەسەر زەویەکە لێی ڕوو نیشتم و ماوەیەک سەیری یەکمان دەکردو واقمان وڕ مابوو،ماوەیەکی پێچو مام حاجی عەولا هاتە قسان و هەوال پرسینی من و شێرکۆی تا قانەم،ئەوسا زۆر بە پەرۆشەوە منیش ڕووم کردە مام حاجی عەولا و گوتم:گەلێک دل تەنگم هیچ هەوالێکم لە شێرکۆ نیە،ئۆقرەم لێ هەلگیراوە،نازانم چی لێ قەوماوە؟من دوێنی لە مالێ ماموستا بووم و لەو ساوە کە چاوم بە دایکی ماموستا کەوتووە ئیتر بە یەکجاری ورەم بەرداوە،هەناوم پڕ لە ئاگر و گڕە،هەروەک شێتانم لێ هاتووە،نازانم چی بکەم،ئەوا هاتومە لای تۆ بۆ سۆراغی ئەوان و خەلکی ئاوایی و لاوە ون بووەکان و ماموستا، ئەگەر بۆم بگێڕیتەوە دوای من چیان وەسەر ئێوەو شێرکۆ و ماموستاو ون بووەکان هێناوە؟ لە گەل هەر قسەیەکی من مام حاجی عەولا بە دلێکی پڕ لە خەم و ئازارو ڕەنجەوە چاوی دەبڕیە من و فرمێسک لە چاوانی دەهاتە خوارەوە،ئارام ئارامیش بە منی دەگوت:ورەت بەرز بێتن،تازە هەرچی ڕووی داوە ناگەڕێتەوە.

KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org

دیار بوو کە مام حاجی عەولاش بە پرسیارەکانی من پەشۆکاو بوو بوو،پاشماوەیەک دامان و ڕامانێکی قولەوە گوتی:چیت لێ بشارمەوەو چیت بۆ بگێڕمەوە؟ من لە تۆ گەلێک خەمبار ترم،هەرچەند دەکەم نازانم چۆن ئەو کردەوە ناڕەوایانەی دوژمنانمان کە لە ئاواییەخنجیلانەکەمان ئەنجامیان داوە بۆت بگێڕمەوە، ئەو بە سەر هاتە تالەی خۆمانت بۆ باس بکەم، ،دەزانم تۆ چیت بە سەر هات و چۆن ئەو سەربازانە نامەردو دڕندانە بە ناهەق پەلاماریان دای و وابوو تا لە خۆ چووی وازیان لێ نەهێنای و دوایی تۆیان برد،نەمان زانی پاشان چیت وەسەر هات،زۆر دەیانگوت تازە تۆ نەمای و مردووی،مامەندی برام کە ئەو هەموو لێدان و کوتانەی تۆی لە نەزیکەوە بینیبوو،دەیگوت کە تۆ نەماوی تۆیان کوشتوەو فڕێیانیان داوی،بەلام سوپاس بۆ خوا وا تۆ زیندووی،ئێمە هەمووومان لەو ڕۆژە دا بە تەمای خۆمانەوە نەبووین،چونکە ئەم بەعسیە خوێن ڕێژانە دوژمنی کوردن و دەیانەوێ هەرچی کەکوردە لە ناوی بەرن،ئەمانە پیاو کوژن،هۆلاکۆ ئاسان،هەرچی کە لە دەستیان هات بەرامبەر بە ئێمەو هەموو خەلکی ئاوایی کردیان،زۆر نامەردانە ڕەفتاریان دژ بە ئێمە

ئەنجام دا،تازە ئەوەی کە ڕووی دا ناگەڕێتەوە،دەبێ ورەمان هەر بەرز بێتن،ئەگەر یەک کەسیشمان بمینێ دەبێ بیری تۆڵە سەندنەوەمان لەو مرۆ کوژانە هەر بمێنێ،وا نەبین خۆمان لە دەست بدەین،ئەو هەموو زولم و زۆرداری ئەو نامەردانە هەر ئاوا نامینێتن،ئێمە نابێ بڕوخێین،دوژمنان زۆرن دڕندەن جنایەتکارن،دەیانەوێ کورد لە ناو ببەن،پیاو ئەو پیاوەیە کە خۆی لە بەر هەموو زەبرو زەنگ و دڕنداتیەکی دوژمنانی خۆی بگرێتن،کورد دەبێ هەمیشە بیرو باوەڕی کوردایەتی هەر پتەو بێتن،هەرگیز نابێتن سەرمان بۆ زۆر داران و دوژمنانمان شۆڕ بکەین،حاجی عەولا هەر وەک پیشەی خۆی هەرچەند قسەی زیاتر دەکرد زیاتر ڕوو خۆش و نیشانەی مرۆیاتی و کوردایەتی پێوە دیار دەبوو،،دەستی ڕاستی هاویشتە سەر شانی من و گوتی:هەی لە منت نەکەوێ دیارە تۆ قسەکانی خۆت لە یاد چووەتەوە ئەو ڕۆژەی کەدوو شەوو دوو ڕۆژان دوژمنان دەورەیان گرتبووین و بە تەواوی گەمارۆ درابووین نچەند پڕ لە هیواو ئازایەتی و ورەی بەرزەوە شەڕمان کردو تۆ دەتگوت:ئەمڕۆ ڕۆژی پیاوانە،کوڕینە دەست بوەشێنن،دوژمن ترسنۆکە دەڕوخێن نامێینێن و سەرکەوتن هەر بۆ ئێمەیە،هاوارت دەکرد مردن سەر بەرزانە ترە لە تەسلیم بوون بە دوژمن،وابوو دوژمنانمان تێک شکاندو ئەو سەرکەوتنە مەزنەمان وەدەست هێنا، وەبیرتە چەند دلخۆش و شادو خەندان بووین کە لەو شەڕە قارومانانە سەر دەکەوتین،ئەوەش باش بزانە کە ئێستاش سەرکەوتن هەر بۆ گەلی کوردە،ئەم قسانەی مام حاجی بە تەواوی ورەی بەرز دەکردمەوەو دڵم بەو قسانە ئەوەندە خۆش دەبوو وام دەزانی کە چیمان بە سەر نەهاتووە،دەمگوت مادام زیندوو ماوین دەبێ تۆڵەمان هەر بکەینەوە،مام حاجی عەولا زۆر بە ورەی بەرز و پڕ لە هەستی مەردایەتی باسی ئەو ڕۆژە تالەی بۆ گێڕامەوە و گوتی:ئەو ڕۆژە دوای ئەوەی کە تۆیان وا لێ کردو تۆیان خستە ناو ئوتومۆبێلە سەر بازیەکان،شێرکۆی ڕۆڵەی کوردی نەبەرد و دلێر لە گەل ماموستاو دلێر کوڕم و جوتیاری مام قەرەنی کارێکیان بە دوژمنان کرد کە با بە دەواری شڕی نەکردووە،هەموو شتێکیان بە ئەفسەرو سەربازەکان گوت و سەدان تفیان لە ڕوویان کردن،خۆ ماموستا بە پێی ئایەتی قورئان و حەدیسەکان و قسەی گەورە پیاوان هەموو بەعسیەکانی بە کافر دانا،خۆ ماموستا هیچ ترسێکی لە دەروون دا نەبوو،هەرچەند قسەی دەکرن و زیاتر هەل دەچوو هێرشی دەکردە سەر دوژمنەکان،ئاخر ئەو نامەردانە لە بەر چاوی

KURDISTAN NET www.kurdistannet.org

ئەو هەموو ژن و منداڵ و خەلکە کە لە گۆڕی بەر ماڵان کۆ کرابوونەوە خالۆ ئۆمەریان هێناو دایانە بەر گوللەو هەر لەوێ شەهیدیان کرد،ئەم دیمەنە زۆری کار کردبووە سەر ماموستا،خۆ ئەگەر ئێمە دەسەلاتمان هەبوایە لەو کاتەدا هەموومان بە ژن و منداڵەوە پەلاماری دڕندەکانمان دەداو هەر لەوێندەر بە ددان هەنجن بە هەنجنمان دەکردن،هەر بۆیەش بوو ماموستا وەک شێران لە بەریان وەستاو بە ئایەتی قورئان ئەوانی بە کافر دادەنا،ماموستا بە چاوی فرمێسکاوی کە دەسرەکەی دەر دەهێناو لا ڕومەتەکانی دەسڕیەوەو درروودی بۆ خالۆ ئۆمەر دەناردو دەیگوت شەهیدان نامرن هەمیشە زیندوون،خالۆ ئۆمەری خۆشەویستی هەموو خەلکی ئاواییە و ل دڵمان دایە،حاجی گیان خۆ من نەم دەزانی کە شێرکۆ و دلێری من ئەوندە مەردو مەردانەن و ئەوەندە پیتاون و بەرامبەر دوژمنان ئەوەندە دل ڕەق و چاو قایمن،ئێمە دەبێ شانازی بەو ڕۆلانەمان بکەین،کە ماموستا لە قسەکانی خۆی دەبۆوە ئیتر دلێرو شێرکۆ پڕ بە دل هاواریان دەکردو دەیانگوت:خالۆ ئۆمەر تۆ نەمردووی سەر شۆڕی بۆ ئەم بەعسیە فاشیانەو یەک بە خۆ هاواریان دەکردو ژن و منداڵی ئاوایش بۆیانیان دەگێرانەوە،پەنجەیان بۆ سەرباز و خۆفرشەکان درێژ دەکورد و دەیانگوت نەفرین لە ئێوە بمرن دوژمنانی کوردو کوردستان،کوێخوای گوندو زابتی ئیستخبارات وایان لێ هاتبوو کە لە داخان هەل مسا بوون و ددانیان لە شێرکۆ و ماموستاو دلێر دەقرماند،ئیتر لە دوا جار سەربازەکان خۆیان پێ نەگیراو فەرمانیان پێ درا کە هێرش بکەنە سەر ماموستاو شێرکۆ دلێر،هەر ئەوندەمان زانی کە پەلاماریان دان و ئیتر ئەوەی پێیان کردن و توانیان کردیان،سەرتاپای جلو بەرگیان لە خوێن سور کردن،تا شل و کوت بوون بە قۆنداغە تفەنگەکان و پۆستالەکانیان تیانیان هەل دان،ئەوان دلیان لە خۆ بۆوەو لەو ناوە کەوتن و بە ڕاکیشان بردیاننە ناو ئوتومبیلەکان و بەرەو شار چوون،ئیتر لەو کاتەوە هەوالیان نازانین، کە چیان بە سەر هاتووە،هەروەک سەدان هەزار خەلکی بێ تاوانی کورد ئەوانیشیان بەرەو مەرگ و نەمان برد،بۆ خۆت دەزانی کە ئەم دڕندانە ئەوەی بیبەن نای هێننەوە،تەنانەت تەرمەکشی نادەنەوە،دەیان بەن بۆ هامۆنیی عەرعەرو لەوێ سەر نگومیان دەکەن و یاخود دەیانخەنە ناو فێڕماکانی تاق کردنەوەی گازی کیمیاوی،کە ئەوانیان برد ئیتر کەوتنە سەر ژن و منداڵ و لاوەکان و پیرەکان،هەموویان بە شەق و تێهەلدان بەرەو ئوتومبێلەکان بردو هەموومانیان خستە ناو ماشێنە سەر بازیەکانیان و تا

KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org

ئەو کاتەی کە خۆمان لێرە دیەوە تەناەنت ڕۆناکیشمان نەدیت لە ناو سەیارەکانی سەربازی دا،جا خۆت نگەران مەکە هەروەک خۆت دەتگوت لە پیاوان دەقەومێت،وا ئێمەش پیاوین و لێمان قەوماوە،من هەرچەندە لە ناو دل و دەرونم دا ئاگرێک کرابۆوە کە هەموو گیانمی گڕ تێ بەردەدا بەلام بە قسەکانی مام حاجی عەولا کەمێ هێورتر بوومەوە.

بەم قسانەی حاجی عەولا و یادی ڕۆژانی پێشمەرگایەتی ورەم بەرز دەبۆوە وهیواکنانی دواڕۆژی کوردستانم گەشتر دەبۆوە.لە دلی خۆم دا شانازیم بە خۆوە دەکرد کە ڕۆلەیەکی وا قارەمان و نیشتمانپەروەرم هەیە کە سەرم پێی بڵندە و لە ڕێزی مەردان دایە بەتایبەتی ئاوا بە ئارامی و لە سەر خۆیی قسەکانی مام حاجی عەولا لە ناو دەرونم دا دەچەسپاو خەمەکانی کەم دەکردمەوە،ئاخر حاجیش بە سەرخۆی نەدەهێنا چونکە کوڕەکەی ئەویش لە گەل شێرکۆ و ماموستا بێ سەرو شوێن بوون و گیرابوون بەلام قەت خۆی تێک نەدەداو دلی منی دەدایەوە،لەو کاتەدا منیش لە دلی خۆم دا دەمگوت:بەڕاستی دەبێ منیش وەک حاجی عەولا وا بم وتازە ئەگەر تەرمی شێرکۆشم بۆ بێتەوە ئەوەندە خەم هەلناگرم وخۆشم تێک نادەم و ئەوەندە پەرێشانی بەسەرخۆمەوە وەدیار نادەم.ئیتر ماڵی حاجی عەولام بە جێ هێشت و خوا هافیزیم لێ کردن و بەرەو ماڵ گەڕامەوە و بە هیچ شێوەیەک وا خۆم نیشان نەدا کە نارحەتم،هەر بۆیەش زۆر جاران دایکی شێرکۆ دەیگوت،تۆ زۆر بێ دلۆڤانی،ئێمە لە دارایی دونیا دا تەنیا ئەو شێرکۆی تا قانەمان هەیە ئەویش کەوتۆتە دەست ئەو بەعسیە دڕندانەوە و ئەو هەموو ڕەنج و ئازارو پەرێشانیەیان بەسەر دێنم و تۆش هیچ بەلایەکت لێ نیە و هەروا دەزانی نە بایەو نە بارانە،دایکی شێرکۆ لە گەل هەر پەیڤێکیا ئەسرینی هەل دەڕشت و دەینالاند،هەرچەند کە من لەو دل توند ترو زۆر نا ئارامتر بووم بەلام هەرگیز بە سەر خۆما نەدەهێناوا پەیمانم دا بە خۆم کە خۆم بە نا ئارامی نیشان نەدەم.

لە دوای سالێک چاوەڕوانی و ژیانی سەختی ئۆردوگای زۆرە ملێ و ئاوارەییمان و ئەو هەموو زەبرو زەنگ و داپلۆسینانە بەسەر خەلکی کوردو کوردستان و لە دوای شکەنجە دان و ئازاری شێرکۆی تاقانەم لە ناو زیندانە ڕەشەکانی بەعسیە دڕندەکان داو لە ژێر ئازارو ئەشکەنجە داسالێک دەمێننەوە و پاشانیش لە شاری موسل بڕیاری لە سێدارە دانی دەدرێت و لە گەل

KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org

کوڕەکەی حاجی عەولاو لە گەل چەند لاوێکی تر شەهید دەکرێن و بە کۆمەل گولله باران دەکرێن و گیانی پاکیان بە کوردستانی ئازیز دەبەخشن و وەک ئەستێرە گەشەکانی ئاسمانی بەرزی کوردستان بۆ هەتا هەتایە ناوی بەرزیان دەدرەوشێتەوەو جەستەی بە گولله هەنجن بە هەنجن کراویان بۆ ێمە ناردەوەو،ئێمەش تەنیا خەم و ئازارو جەفاو ژان لە ناو دڵمان دا مایەوەو دایکی شێرکۆ وەک شێتانی لێ هاتبوو،ئیتر لە تاو تاقانەو کوڕە خۆشەویستەکەمان هەمیشە دڵمان پڕ لە ژان و ئازار بوو و ئێساتاش ئەو ئازارو خەمانەمان لە ناو دل دا نەبڕاوەتەوە،ئەم ئازارو زەحمەت و کوێرەوەریانەی کە بە سەر ئێمەی کوردیان هێنا و بەعسیە دڕندەکان کوردستانیان ئاوا وێران کردو سەدان گوندیان وەک گوندەکەی ئێمە وێران و خاپوور کردو تەواوی خەلکی ئەو گوندانەیان وەک ئێمە بە سەر هێناو نەزیکەی دووسەد هەزار ئاوایی پتریان خاپوور کردو تەنانەت دارو بەردو ئەشکەوت و شاخەکانیشیان ڕووخاندو کانی و ئاوەکانیشیان خنکاندو دلی کوردیان پڕ لە ژان و ئازار کرد ،ئێمەی کورد هەمیشە چاومان بڕیوەتە ئەو ڕۆژەی کە بە چاوی خۆمان ببینین تۆلەی ڕەزو باغ و گوندو کوڕە تاقانەو هەزاران هەزارلاوەکانمان بۆ کراوەتەوەو داگیرکەرانی دڕندەو خوێن ڕێژ لە ناو چوینە و تۆلەی هەموو شەهیدانی کوردستان کراوەتەوەو کوردستان بە کوێرایی چاوی دوژمنان ڕزگار و سەربەخۆ بووەو تۆلەی وێرانی و دەربەدەری و داگیر کردن و تەعریب کردن کراوەتەوە.

KURDISTAN.NET
www.kurdistannet.org

تۆڵەی شارەکەی دڵی کوردستان و لە سنجارم تا خانەقین کراوەتەوە.

تۆلەی گوندە چۆل و وێرانەکانمان کراوەتەوە.

تۆلەی هەژاری ڕەنج و ئازارەکانمان کراوەتەوە.

تۆلەی کوڕە تاقانەو هەزارەها شاهیدانی کوردستانمان کراوەتەوە.

تۆلەی ئەو هەموو زیندان و ئەشکەنجەو ئازارەکانی کورد کراوەتەوە.

تۆلەی ون بووەکان و زیندە بەچال و ون کردنی هەزاران هەزارانمان کراوەتەوە.

تۆلەی دایکی زگ سوتاو ڕۆلە ئەنفال کراو و گوند بە خاک یەکسان کراو کراوەتەوە.

تۆلەی بێ سەرو شوێنی و ئاوارەیی هەزاران هەزارانمان کراوەتەوە.

ئەو کاتە ئێمەش دەگەڕێینەوە،گوندەکەمان سەر لە نوێ ئاواییەکەمان ئاوەدان دەکەینەوە،کانی و کانیاوەکانمان پاراو دەکەینەوە،ڕەز و باغ و دارو بارە لە ڕەگ

**و ڕیشەدەرهێندراوەکانی کوردستانمان سەر لە نویّ سەوز دەکەینەوە،لە جێگەی هەر بۆمباو گوللە تۆپێکا دارێکی سەوز و باغی گولێ دەروێنینەوە،کوردستانمان بە رەو پێشەوە دەبەین و ئالای ڕەنگاو ڕەنگی کوردستان لە سەر هەموو لوتکەو بەرزاییەکی ئەم کوردستانەمان دەشەکێنینەوە،گۆڕی پاکی شەهیدانی کوردستانمان بە گولی سەربەستی دەڕازێنینەوە،کڕنوش بۆ مەزاری نەمران دبەین و پێیان دەلێن دەهەستنەوە وا تۆلەتان سەندراوەتەوە،کوردستان ئازاد و ڕزگارو سەربەخۆیە و پەرچەمی کوردستان وا دەلەرێتەوەو کورد خاوەنی ئازادی و سەربەخۆیەتی خۆیەتی.**

**هیوا دارین کە ئەم هەلە پیرۆزەی کە ئەمڕۆ لە ئارا دایە سەرکەوتوبێت و کورد بتوانێتن لە ئاستی ئەو هەموو ڕوداوانە ئەمجارە دەربیات و نەکەوینەوە داوی نەیارانی کوردەوە،ئەم ئازادبوون و ڕەهاییە بەرەو سەرکەوتنی هەمیشەو قۆناغی دوایی ببات و کوردستان بۆ هەتا هەتایە سەر بەخۆ بێتن و ئێمەش وەک گەلانی جیهان خاوەن قەواریەکی میللی خۆمان بین و کوردستان بەرەو پێشکەوتن و تەکنەلژیای نویّ بەرین و ناوی کوردو کوردستان لە هەموو جیهان دا دەنگ بداتەوەو خوێنی شەهیدانی گەلی کورد بە فیڕۆ نەڕواتن و تۆلەی ئەم هەموو ئاوارەیی و دەربەدەری و وێرانی و بە کۆمەل کوشتن و لە ناو بردنی کوردلە هەموو داگیرکەران بیێتەوەو بە دەردی سەدامی خوێن ڕێژ بڕۆن.**

KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org

**هەزاران سلاو لە گیانی پاکی هەموو شەهیدانی کوردو کوردستان و شێرکۆی تاقانەمان دەنیرین .**

**مەرگ بۆ دوژمنان و هەموو داگیرکەرانی کوردستان و هەموو ئەوانەی کە خوێنی کوردیان مژتووە مەرگ بۆ هەموو  خائیانی سەر شۆڕو نۆکەران و داگێرکەران.**

*